یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لێژنەی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت : هەندێ بابەتی سەردەمی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز.

**ژمارەی فەتوا : ٦/ ٢٠١٨ ... ٢٠١٨/٥/١٥ ز – ٢٩ شعبان ١٤٣٩ ك**

**بابەت : خواپەرستنەکان**

(( هەندێ بابەتی سەردەمی و جیاوازی مانگ بینین لە وڵاتانی ئیسلامی بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز))

لێژنەی باڵای فەتوای هە رێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٨/٥/١٥ لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا، دەربارەی ئەو شتانەی کە کاریگەری دەکاتە سەر ڕۆژوو، هەروەها ئەو بابەتە سەردەمیانەی کە ئێستا بەکاردێن و ڕوودەدەن، تاچەند ڕۆژووبان پێ دەشکێ یان پێ ناشکێ ئەم ڕوونکردنەوەیەی بڵاوکردەوە:

١- هەموو جۆرەکانی دەرزی لێدان، جا لە ماسولکە بێت یان ژێر پێست یان دەمار؛ ڕۆژوو ناشکێنێت، لەبەر ئەوەی لە شوێنی ئاسایی خۆی نەچۆتە ناو بۆشایی لەش. (الفقه الأسلامي وأدلته ١٧٤٢/٣) و (شەریعەتی ئیسلام).

٢- قەترەی گوێ و لوت و چاو و بەخاخی ڕەبۆ؛ ڕۆژوو ناشکێنن.

٣- ئەو ئامێرەی کە پزیشک پشکینینی ئەندامی زاوزێی ئافرەتی پێدەکات و ڕەوانی ژوورەوەی دەکات؛ ڕۆژوو ناشکێنێ. (الفقه المالكي ٨٥/٢)

٤- ئەو ڕۆژەوانانەی کە لەناو بازنەی جەمسەری خوارو و سەرووی زەوی بەڕۆژوو دەبن، کەوا لەم شوێنانەدا شەش مانگ شەوەو شەش مانگیش ڕۆژە، دەتوانن لە سەرکاتی نزیکترین وڵات لێیانەوە، کە شەو و ڕۆژی تێدا دیارە؛ بەڕۆژووبن و بیشکێنن، یان لەسەر کاتی شاری مەککەی پیرۆز، ئەم فەتوایە لە ساڵانی ڕابردووشدا باسمان کردووە.

٥- ئەگەر یەکێك گەشتی کرد و لە وڵاتی خۆی مانگی ڕەمەزان بینرابوو، بەرەو وڵاتێك کە دواتر مانگیان بینیبوو؛ پێویستە لەسەر کە پەیڕەوی ڕۆژوی ئەوان بکات، هەتا ئەگەر ئەو سی ڕۆژیشی تەواو کردبێت، چەنکە بە دابەزین لەو وڵاتە دەبێتە یەکێکی ئاسایی لەوان، یانیش ئەگەر لە وڵاتی خۆی مانگیان نەبینی بوو؛ ئەگەر ئەوان کردیانە جەژن، پێویستە لەسەری کە ئەویش بیکاتە جەژن بە واجبی، هەتا ئەگەر تەنها بیست و هەشت ڕۆژووی ڕەمەزانی گرتبێ، بەڵام دواتر ڕۆژێك دەگرێتەوە چونکە نابێ مانگ ٢٨ ڕۆژ بێت. یان ئەگەر گەشتی کرد لە ڕۆژی لە ڕۆژی جەژن لە وڵاتی خۆی بۆ وڵاتێکی دیکە کە خەڵکە کەی هێشتا بەڕۆژوو بوون؛ پێویستە لەسەری کە خۆی بگرێ تا ئێوارە هیچ نەخوات و نەخواتەوە بە واجبی، لەبەر ئەوەی بە گەیشتنی بۆ ئەم شوێنە بۆتە تاکێك لەم وڵات و شارە. (الفقه الاسلامی وادلته ١٦٥٩/٣).

٦- دەربارەی (اختلاف المطالع) جیاوازی مانگ بینین لەو وڵاتان، بەم شێوەیە:



Scanned by CamScanner

جیهانی ئیسلامی لەلای رۆژهەڵاتی زەویەوە دەتوانین لە وڵاتی ئەندەنوسیا دەست پێبکەین، هەرچەندە ئەم وڵاتە بە شێوەی دەسەڵات بە تەواوی موسڵمان نیە، بەڵام زیاتر لە (٢٠٠) ملیۆن موسڵمانی تێدا دەژی. ئەو وڵاتە کەوتۆتە سەر هێلی درێژی ١٤٠ لەلای خۆرهەڵاتیەوە لەسەر نەخشە، دوایین وڵاتی ئیسلامیش کە مۆریتانیایە، کەوتۆتە سەر هێلی (٢٠) بەلای خۆر ئاوای (گرینیچ). بەم جۆرە لەسەرەتای وڵاتی ئیسلام تا خۆر ئاوای دەکاتە ١٦٠ پلەی درێژی، بە کاتژمێریش دەکاتە (١٠:٣٠) دە کاتژمێر و نیو. مانگی ئاسمان لەهەر کاتژمێرێك کە دەکاتە (١٥) هێلی درێژی، دوو دەقیقە لە تەمەنی زیاد دەکات، بەمانای ئەوەی کە بە پاش خۆر دەکەوێت؛ بەم جۆرە ئەگەر لە وڵاتی ئەندەنووسیا مانگ بینرا، تا دەگاتە وڵاتی مۆریتانیا ئەوا تەمەنی (٢٣) دەقیقە زیاد دەکات، بێجگە لەتەمەنی مانگ کە کە لەوێوە بینراوە. (موسوعة أطلس العالم).

سوڕانەوەی مانگ بە دەوری زەوی تەواو دەبێت بە (٢٩) رۆژ و (١٢) کاتژمێر و (٤٤) دەقیقە و (٢,٨) چرکە؛ بەم شێوەیەش مانگ (٢٩) رۆژ دەبێت، کاتژمێری دوو مانگیش دەبێتە یەك رۆژ، بە مانای مانگی دواتر دەبێتە (٣٠) رۆژ، دەقیقەکانیش لە (٣٤) مانگ دەبێتە رۆژێك و ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

مانگێك (٢٩) رۆژ و مانگێکیش ٣٠ رۆژ، لە (٣٤) مانگ دوو مانگ بە دوای یەکەوە دەبنە (٣٠) رۆژ و چرکەکانیش لە (٢٥٠٠) ساڵ دەبێتە یەك رۆژ. (الكون بين العلم والدين).

٧- ئەو کەشتیوانانەی کە لە ئاسمان دەمێننەوە، یان بەرەو ئەستێرەکان دەڕۆن؛ ئەوان بە هیچ شێوەیەك خۆریان لێ ئاوا نابێت، بۆیە پێسویستە لەسەریان کە لەسەر کاتی وڵاتی خۆیان بەرۆژووبن و بیشکێنن، بەڵام ئەگەر پەیوەندیان لەگەل زەوی پچڕا ئیجتیهاد دەکەن و گێرانەوەشیان لەسەر نیە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەوان لەکەشتێکی دوور و درێژدان و دەتوانن هەر بە رۆژووش نەبن و دواتر بیگرنەوە، یان ئەگەر گەیشتنە سەر ئەستێرەکە؛ ئەگەر کاتی شەو و رۆژی ئەو ئەستێرەیە وەك زەوی خۆمان بوو، وەك ئەستێرەی مەریخ کە شەو و رۆژی ٢٤ سەعات و ٣٧ دەقیقەیە؛ ئەوا بەکاتی ئەو شوێنە بەرۆژوو دەبن، بەڵام ئەگەر وەك ئەستێرەی (عطارد) بوو، کە شەو و رۆژێکی (٥٩) شەو و رۆژی زەویە، یان وەك مانگی خۆمان، کە شەو و رۆژێکی یەك مانگی تەواوە، کە (٢٩) رۆژی ئێمەیە؛ ئەوا بەگوێرەی کاتی زەوی دایك و وڵاتانی خۆیان بەرۆژوو دەبن.

لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



Scanned by CamScanner